خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

www.mexmurpress.com



لەیادی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی حەسەن حەیراندا ...... ل ٥

لەم ژمارەیەدا

* مەخموور ٨٢ ساڵە قەزایەو ئێستاش لەگوند دەچێ ل٤
* کوڕان بەدوای هاوبەشی ژیانیان و کچانیش لەچاوەڕوانی شاسواری خەونەکانیانن ل٦
* لەم وەرزە ریال و بەرشلۆنە لەبەرگریکردندا دەبن ل٧

ژمارە (١١) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار شەممە ٢٠٠٩/٨/١٥ ٢٤ی خەرمانانی ٢٧٠٩

### کۆمیتەی سەرکردایەتی YNDK:

# بە بەرنامە دژایەتیمان کراوەو دەنگەکانمان پوچەڵکراونەتەوە

**تایبەت بە دەنگی مەخموور**

کۆمیتەی سەرکردایەتی YNDK لەڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ بە بەرنامە دژایەتی لیستی YNDK کراوەو دەنگەکانمان پوچەڵکراونەتەوەو، هەروەها دەڵێ لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشدار دەبین.

پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٩/٨/١١ کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەسەرپەرشتی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەستو لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێ پرس کراوو دواتر لەڕاگەیەنراوێکدا کۆمەڵێ خاڵی کۆبوونەوەکە بۆ راگەیەندنەکان راگەیەنرا، سەبارەت بەرەوشی لیستی ٥١ لیستی YNDK لەهەڵبژاردنەکانو ئەو دژایەتییانەی دژی لیستی YNDK کراوە لەڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: "YNDK کە لایەنێکی بەشداری پرۆسەکە بوو هەر لەسەرەتاوە دژایەتییەکی زۆری کرا هەر لەدڕاندنو لێکردنەوەی پۆستەرو ریکلامەکانی تادەگاتە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لەکادیرو چاودێرانی، دواتر سەرەڕای پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنو پرۆسەی دەنگدان، لەزۆر دەڤەری کوردستاندا لەوێستگەو بنکەکانی دەنگدان بەبەرنامە لەکاتی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان، دەنگەکانی لیستی YNDK ژمارە (٥١) پوچەڵکراونەتەوە بۆ سەلماندنی ئەم راستییانەش کۆمەڵێ بەڵگە لەبەردەستدایە"، هەروەها لەڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: "ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن سەبارەت بەلیستی ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوو لەبەر ئەوەی زۆربەی راپرسییەکانی پێشوو وایان دەرنەخستووەو، بگرە لیستی YNDK لەپێشەوەی زۆربەی لیستەکانی تر بووە، بۆیە ئەو ئەنجامە بۆتە جێی سەرسوڕمانی شەقامی کوردستانو ناوەندی سیاسیش لەبەر ئەوەی کارو خەباتو هەڵوێستی YNDK لای هەموو لایەك روونو ئاشکرایەو گوتاری نەتەوەییو نیشتمانی YNDK گەواهی راستییەکان دەدەن".

YNDK بڕیاریداوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات وەك لەڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: "سەرکردایەتی YNDK بڕیاریدا کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکاتو بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەتمەندی پێکهێناو بڕیاریدا کار بکات بۆ پێکهێنانی لیستێکی فراوان بۆ ئەم هەڵبژاردنە کە نوێنەرایەتی پێکهاتەو چینو توێژەکانی کوردستانو عێراق بکات.".

دەقی راگەیاندنی کۆمیتەی سەرکردایەتی YNDK لەلاپەڕە (٢)دا بخوێنەوە.



### رۆژنامەنووس خەلیل پالانی:

# گەدەی دەسەڵات لە مەخموور هەزمی رەخنە گرتن ناکاتو بەچاوسورکردنەوە دەیانەوێ ئەو دەنگانە کپ بکەنەوە کە رەخنەدەگرن



**تایبەت بە (دەنگی مەخموور)**

دوای بڵاوبوونەوەی چەند بابەتێکی رەخنەیی لەچەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتدا، هەندێك لەبەرپرسانی مەخموور کەوتونەتە خۆیانو بەدوای ئەوەن بزانن کێن ئەوانەی ئەو بابەتانە بڵاودەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئاسایشی مەخموور دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە، بۆ ئەم مەبەستە کاتژمێر (٩)ی ئێوارەی ٢٠٠٩/٨/١٠ لەلایەن کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی مەخموور رۆژنامەنووس (خەلیل پالانی) ئاگادار دەکرێتەوە کە بەیانی رۆژی ٨/١١ لە بەڕێوەبەرایەتییەکە ئامادەبێت بۆ هەندێ کاری پێویست.

ئەمەو لەلێدوانێکیدا بۆ (دەنگی مەخموور) رۆژنامەنووس (خەلیل پالانی) وتی "دوای ئامادەبوونم لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی مەخموور، لەلایەن (سەید جواد)ی ئەفسەری ئاسایش بۆ ماوە دوو کاتژمێر لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرا"، پێی راگەیاندم کە "راپۆرتێك لەسەر تۆ بەرزکراوەتەوە، گوایە لەساتەوەختی هاتنی پارێزگاری موسڵ بۆ مەخموور لەڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣ لەلای چەند کەسێك وتووتە (با ئەوانە بێنو مەخموور لەو ئیدارەو پارتە دزە پاك بکەنەوە)، لەوەلامدا پێم وتن ئەگەر بەبەڵگە هەر گەندەڵیو دزییەك لەلام هەبێ ئەوا بێگومان لەسەر رووپەڕی رۆژنامە بڵاوی دەکەمەوە، جا چ پێویست دەکات لەنێو خەڵکدا قسەی وابکەم"، هەروەها رۆژنامەنووس لەبارەی بیروڕای خۆیەوە وتی "ئەو هزرە نەتەوەییەی کە پێی گۆشکراوم رێگەم پێنادات قسەی وا بکەمو ئیدارەیەکی کوردی کە ئەگەر کەمتەرخەمیش بووبێ لە خزمەتکردنی دەڤەرەکە بە پاشماوە بەعسییەکانی بگۆڕمەوە، ئەمەو چەندین بەڵگەی ترم خستە بەردەمیان کە ئەو تۆمەتانەی خستیانە پاڵم پێچەوانە دەکەنەوە، لەوانە بەشداریکردنم لە بەرنامەیەکی رادیۆی لاوان بۆ پڕۆپاگەندەکردن بۆ لیستی برایەتی نەینەوا"، هەروەها وتیشی "گومان دەکەم کە مەسەلەکە هەر ئەوەندە بێت بەڵکو زیاتر بیرم بۆ ئەوە دەچێت بیانەوێ لەرێگەی چاوسورکردنەوەدا بیسەلمێنن کە گەدەی دەسەڵات لە مەخموور هەزمی رەخنە گرتن ناکاتو ئەو دەنگانە کپ بکەنەوە کە رەخنەدەگرن".

هەروەها سەرچاوەیەك بە(دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە لقی ٢٣ی مەخمووری پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەمان شێوە دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە بەمەبەستی زانینی ئەو کەسانەی لەماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بابەتی رەخنەیی لەسەر بەرپرسانی مەخموور دەنووسن.

شایەنی گوتنە ماوەیەکە لەهەندێك لەماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی بەربڵاو چەندین بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە بەشی زۆری ئەو بابەتانەش پەیوەندی بە بەرپرسانی لقی ٢٣ (پ.د.ك)ەوە هەیە.

# کێشەو ململانێکانی نێوان حەدباو برایەتی نەینەوا بەردەوامن

**دەنگی مەخموور**

سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا (خەسرۆ گۆران) ئاشکرایکرد، لیستی حەدبا کەوتۆتە وێزەی ئەو بەڕێوەبەرە کوردانەی پۆستە ئیدارییەکانی نەینەوا بەڕێوە دەبەن، لەسەر کار لایان دەدات راشیگەیاند کە ئەوان رێگە نادەن لەناوچە تازە ئازادکراوەکاندا لیستی حەدبا ئەنجومەنی رابوون دابمەزرێنێت.

لەلێدوانێکی تایبەتدا خەسرۆ گۆران گوتی "ئەوانەی ئێستا ئیدارەی موسڵ بەڕێوەدەبەن، دەیانەوێت هەمان سیاسەتی بەعسی پێشوو بۆ فەرامۆشکردنی کورد پەیڕەو بکەن، بۆیە دەیانەوێت گۆڕانکاری لەپۆستە ئیدارییەکاندا بکەن، وەکو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی موسڵیان لەسەر کارەکەی لادا بەهۆکاری ئەوەی کوردە، دوور نابینرێت سبەی بەڕێوەبەری گشتی چاندنیش بەهۆکاری کورد بوونی لەسەر پۆستەکەی دوور بخرێتەوە. پێشتریش چەندین ئەفسەرو پلەداری کوردیان لەسەر کار لابردووە".

هەروەها ئاماژەیدا، کە تاك لایەنە بەڕێوەبەردنی پارێزگای موسڵ لەلایەن لیستی حەدبا کارێکی مەترسیدارە، چونکە هیچ پارێزگایەك جگە لەپارێزگای موسڵ تاکە لیستێك بەڕێوەی نابات.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گۆران ئاماژەی بەوەکرد، کە لیستی حەدبا بەدوای دامەزراندنی ئەنجومەنی رابوونە لەسنووری شاری موسڵ، بۆیە لیستی برایەتی لە هیچ لەو ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا کە زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوە رێگە بە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنانە نادات، بەڵام حەدبا لەو ناوچانەی تێیدا باڵا دەستە ئازادە.

سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا راشیگەیاند هیچ کەسایەتیو لایەنێکی دیاری کورد نەچووەتەوە نێو ئەو تەجەموعەی نورەدین حەیالی ئەندامی بەرەی تەوافوق دایمەزراندووەو ئاماژەی بەوەش کرد هەڵوێستەکانی حەیالی دژ بەخواستەکانی گەلی کوردن.

# بەهۆی کەمی پڕۆژەی خزمەتگوزاری نزیکەی ٨٠ ماڵ مەخموور جێدەهێڵن

**تایبەت بە دەنگی مەخموور**

بەهۆی کەمی پڕۆژەی خزمەتگوزاریو خراپی رەوشی مەخموور، ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتییان ئەو دەڤەرە جێدێڵنو روودەکەنە شارەکانی وەکو هەولێرو دەوروبەری، بەگوێرەی هەندێ زانیاری نزیکەی ٨٠ ماڵ مەخمووریان جێهێشتووە.

هاوڵاتی (یونس عەلی) کە یەکێکە لەوانەی ماڵی لە مەخموورەوە گواستۆتەوە بۆ هەولێر، ئەو هۆکاری ماڵ گواستنەوەکەی گەڕاندەوە بۆ تۆقاندنی خەڵك لەلایەن ئیدارەکەوە بەهۆی دانانی بەرد لەسەر رێگاکانو گرتنی شەقامو پێش دووکانەکانو دەوترێ ئێستا نائێستا تەقینەوە دەکرێت"، هەروەها وتی "من لە ٧/٥ماڵم گواستۆتەوە، هۆکاری تر زۆرن لەوانە کەمی ئاوی خواردنەوە کە لە سێ رۆژ جارێك ئاو بەردەدرێتەوەو نەبوونی کارەباو خزمەتگوزاری پێویست"، ئەو هاوڵاتییە وتیشی "ئەوەی من ئاگادار بم نزیکەی ٨٠ ماڵ ماڵیان گواستۆتەوە، ئەم ژمارەیەش رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە، ئەوەتا براکانیشم خانووەکانیان فرۆشتووەو لەم رۆژانە دێنەوە هەولێر"، ئەو هاوڵاتییە نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ناخۆشبوونی بارودۆخی مەخموورو وتی "رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخی مەخموور ناخۆشتر دەبێو ئێمە داوامان کردووە کە خزمەتی ناوچەکە بکرێ لە هەموو روویەکەوە، بەڵام بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ مەخموور نەکراوەو ژیانی تێدا ئەستەم بووە".

لەلایەن خۆیەوە بارزان سەیدکاکە قایمقامی قەزای مەخموور ئەو هەواڵانەی پشتڕاستکردەوە کە ژمارەیەك لەهاوڵاتییانی مەخموور ماڵەکانیان گواستۆتەوەو مەخمووریان جێهێشتووە، هەروەك گوتی "ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لەماوەی رابردوو ٢٣ ماڵ مەخمووریان جێهێشتووە، بەڵام کە دەوترێ ٨٠ ماڵ، ئەو رێژەیە هێندە نییە" هۆکاری گواستنەوەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خەڵکی حەز دەکەن لەشارەکان بژینو بەشێکی دیکە بەهۆی ئەو وشکە ساڵییەوە وای کردووە کە بەشێك لەهاوڵاتییان بەرەو هەولێرو دەوروبەری برۆن".

شایەنی باسە لەدوای پڕۆسەی ئازادکردنی دەڤەرەکە لە ٢٠٠٣ەوە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی دەڤەری مەخموور گەڕانەوە ناوچانەکانیان، بەڵام دواتر بەهۆی کەمی پڕۆژەی خزمەتگوزاریو وشکەساڵیو ئاوەدان نەکردنەوەی گوندەکان تادێت هاوڵاتییان زێدی خۆیان جێدێڵن، ئەگەریش هەیە بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێت ئەوا ژمارەیەکی زۆرتر ئەو دەڤەرە جێبێڵن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی کوردو زیادبوونی رێژەی عەرەب لەدەڤەرەکە.

# بنکەی پۆلیسی دیبەگە ٧٠٠ هەزار دیناری بەنزینخانە قەرزارە

**شێرکۆ مەحموود**

بەهۆی نەبوونی بودجەو پێنەدانی بەشە بەنزینو کڕینی بەنزین لەبازاڕی رەش بۆ ئوتومبێلەکانیان بنکەی پۆلیسی دیبەگە تائێستا بڕی ٧٠٠,٠٠٠ حەوت سەد هەزار دینار قەرزاری بەنزینخانە قەرزارن.

(ئەیوب جەوهەر) نەقیبی پۆلیس لەبنکەی پۆلیسی دیبەگە بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند کە سەرەتا بنکەکەیان سەر بە هەولێر بوو یارمەتی دەدران، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ەوە کەوتوونەتە سەر موسڵو هیچ بودجەیەکیان بۆ دابین نەکراوەو وتی "ئەوەی لێرە دەکرێت هەمووی لەسەر گیرفانی خۆمانەو تەنانەت ئێستا ٧٠٠,٠٠٠ دیناری بەنزینخانە قەرزارین، بەهۆی دابیننەکردنی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلی پۆلیسو دەبێ لە هەموو کارێکیش بەشدارین جا چ لە دەرچوون بۆ رووداو یا هاتنی میوانو دەرچوونی بەڕێوەبەری ناحیەو... هتد"، بۆ دابینکردنی بەنزینیش وتی "بە هەولێرو موسڵو قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەشمان گوتووە، کەچی سەبارەت بە نەبوونی بودجە وتی "ئێمە سەر بە موسڵین، هەر پێویستیەکمان هەبێت دەیکەینە وەسڵو رەوانەی موسڵی دەکەینو بۆمان سەرف دەکەن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هیچ بودجەیەمان نییە"، سەبارەت بە بەنزینیش وتی "چوار هەزار لیتر بەنزینمان لەموسڵ بۆ دابیندەکرێت، بۆ دابەشکردنیشی لیژنەیەکی ئەمنیمان پێکهێناوە، کە سەرۆکایەتی جەنابی قایمقامەو ئێمە بەرنامەیەکمان داناوە بەنزینەکە تەنیا بە بنکە دەدەین، هەفتانە ئۆتۆمبێلی بنکەکان فول دەکرێن بە بڕی ١٣٠ لیتر"، سەبارەت بە بەهۆی کڕینی بەنزین بنکەی پۆلیسی دیبەگە ٧٠٠ هەزار دینار قەرزارە وتی "ئەو رێژە پارەیە ئێمە دەیدەین، هیچ کێشەیەکمان نییە لە بەنزینو لە بودجە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر زۆر هاوکاریمان دەکەن"، هەروەها بەڕێوەبەری پۆلیسی مەخموور جەختی کردەوە لەسەر پێدانی بەنزین بە هەر سێ بنکەی مەخموورو قەراجو دیبەگە، تەنیا بنکەی گوێڕ نەبێ کە ئەویش بەهۆی ئەوەی لێرەوە دوورە پێینادرێت.



عەقید روکن (نادر شاکر)

لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مەخموور دەڵێن بەشە بەنزینمان کەمە، بۆیە پێمان نادەن".

بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە عەقید روکن (نادر شاکر) بەڕێوەبەری پۆلیسی مەخموور،

### لیژنەی سێ قۆڵی

## کۆبوونەوەکان بۆ داخستنی کەمپی مەخموور بەردەوامە

**دەنگی مەخموور**

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بوراك ئوزگەرگین رایگەیاند گفتوگۆکانی نێوان ئێراقو تورکیا بەمەبەستی چۆڵکردنی کەمپی مەخموور درێژەیان هەیە، ناوبراو ئەوەشی راگەیاند راپۆرتێکیان ئامادەکردووە سەبارەت بەرەهەندی نێودەوڵەتی پڕۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەتورکیا.

ئوزگەرگین لەکۆبوونەوەی رۆژنامەوانی هەفتانەی وەزارەتی دەرەوەدا ئاشکرای کرد لەکۆبوونەوەی میکانیزمی سێ قۆڵیدا بەبەشداری ئەمریکاو ئێراقو تورکیا کە لەسەرەتای مانگی هەشت لەئەنقەرە بەسترا، هەنگاوەکانی تایبەت بەداخستنی کەمپی مەخموور تاوتوێ کراوە.

ناوبراو ئاماژەی کرد بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکیش سەبارەت بە رەهەندی نێودەوڵەتی "کرانەوەی کوردی" کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەستی دراوەتێو گوتی "وەزارەتی ناوخۆمان داوای بۆچوونی ئێمەی کرد لەمەڕ رەهەندی نێودەوڵەتی ئەو بابەتە، وەزارەتی ئێمەش بەشداریو هەڵسەنگاندنی خۆی لەو رووەوە دا بەوەزارەتی ناوخۆ".

لەلایەکی ترەوە سەرۆکی تورکیا لەئاهەنگێك کە لەشاری بەتلیس سازدرا، لەبارەی چارەسەری پرسی کوردانیشەوە لەوڵاتەکەیدا رایگەیاند "کێشەی کورد بەرێگەچارەی ئاشتیانەو دیموکراتیانە چارەسەر دەکرێت".